
یەحیا قەیسی



# ١٣ ساڵی ژیانی مەحموود دەروێش لە عەمان

(٢-٢)

وەرگێڕانی: شێرزاد هەینی

## ئێوارە کۆڕەکانی لە جرش

بڕیاربوو مەحموود دەروێش لە کۆڕێکی فیستیڤاڵی جرش بەشداری بکات، لەبەرئەوەی عەقڵی کۆڕەکەی نەدەگرت، بۆیە بۆنەکە لەبیرکرا، "جریس سەماوی" کە سەرپەرشتیی بەشێک لە کۆڕە مانگانەکانی دەکرد و بەڕێوەبەری فیستیڤاڵەکەش بوو، ئەو دەڵێت: من ئەوم وەک کەسایەتی لە ساڵی ١٩٩٧ ناسیوە، کە یەکەمجار لە فیستیڤاڵەکە بەشداریی کرد، کە لەسەر شانۆی باکوور کرا، ئەو شانۆیەی بۆ ماوەی دوو هەزار ساڵ داخرابوو، لەوێ لەگەڵ عودژەن "سەمیر جبران" شیعرەکانی خۆی بە عاشقانی شیعرەکانی ئاشنا کرد، پاش ئەو یەکترناسینە لە شوقەکەی خۆیدا سەردانم کردووە، ئەویش جاروبار دەهاتە

"الفحيص"، بۆ چەند جاری تریش لە فیستڤاڵەکە بەشداریی کردبوو، لە کۆڕێکدا کە لە کۆشکی رۆشنبیری سازی کردبوو، جەماوەرێکی زۆر ئامادەبووبوون، جەماوەرەکە بۆنی سیاسی و دروشمی سیاسییان پێوە دیار بوو، من لە تەنیشت ئەو دانیشتبووم، گوتی، رەوشەکە چۆنە، منیش گوتم، بۆن و دووکەڵی سیاسەتی لێ دێت، بۆیە ئەو رەوشەکەی بەدڵ نەبوو، دووجار سەرم لە جەماوەرەکە دا، بینیم دەم نادەم گەرمتر دەبوون، جۆشیان زۆرتر دەبوو، کە رووبەرووی جەماوەرەکە بووبووەوە، بە روونی بەخەڵکەکەی گوتبوو، من چەند پارچە شیعرێکتان بۆ دەخوێنمەوە، کە ئێوە پێتان خۆشە و چەند پارچە شیعرێکیش دەخوێنمەوە کە خۆم پێم خۆشە، لەگەڵ مۆزیکاکە شیعرەکانی بردە ناو هۆش و ویستی خەڵکەکە، ئەوانیش ئاوێتەی جوانی شیعرەکان بوون، ئەو لە کاتی شیعر خوێندنەوەدا کوپێک ئاویشی لە تەنیشت خۆی دادەنا و قورگی خۆی پێ تەڕ دەکرد.

## ئۆتۆگرافی کتێبەکانی لە شانۆی بەلەد

لەو ساڵانەی دواییدا دەروێش ئاهەنگی ئیمزاکردنی "ئۆتۆگرافی" کتێبە نوێیەکانی کردووە، شانۆی بەلەدی عەمانی بۆ ئەو مەبەستە هەڵبژاردبوو، شانۆکار "رائید عسفوور" بەڕێوەبەری شانۆکە دەڵێت، من ئەودەمانە ئەوم ناسی، پاش گێڕانی سێ ئێوارەکۆڕ لەسەر ئەو شانۆیە، کە من بەڕێوەم دەبرد دۆستایەتیمان پتەوبوو، بڕوام نەدەکرد رۆژێ بێت ئەو لەسەر شانۆکەمان ئۆتۆگرافی کتێبەکانی بکات و شیعریش بخوێنێتەوە، وامدەزانی ئەو شوێنی گەورە و شیاوتری دەوێت، کە لە «رامەڵا» ئاهەنگی ئۆتۆگرافی کتێبی "كزهر اللوز أو أبعد" ئامادەبووم، لەوێ جورئەتم کردو پرسیم دەکرێ رۆژێک بێت لەسەر شانۆکەمان شانۆی بەلەد لە عەمان ئەو ئاهەنگە سازبکەیت، ئەو سەرەتا لە وەڵامەکەی دوودڵ بوو، بەڵام "عەلی حەلیلە"ی هاوڕێی رازی کرد ئەوەیان بکات، کە بیرۆکەکە چەسپا، ئێمە بۆ ئەو بۆنە گەورەیە کارئاسانیمان کرد، حیسابی هەموو پێویستییەکان و ئەگەری لەناکاومان کرد، یەکەمین پرۆسەی ئۆتۆگرافەکەش لە رۆژی ١ی دیسەمبەری ساڵی ٢٠٠٥ کرا و شاعیر تاهیر ریاز ئەوی پێشکێش کرد، ئامادەبووان ژمارەیان گەیشتە ١٢٠٠ کەس، زۆربەیان گەنج بوون، خوێندکارانی زانکۆ و هەموو توێژەکانی کۆمەڵیان تێدابوو، کەسانی وای تێدابوو، لە سوریا و لە دانیشتووانی فەڵەستین ٤٨ کەس هاتبوون، ئەو بۆنەیە هەلێکی باش بوو، خەڵکێکی زۆر دیمانەیان بوو، دیاربوو دەروێش بەو ئاپووڕەیە زۆر دڵ خۆش بوو، لە هەندێکی دەپرسی، لە کوێوە هاتوون...؟ ناوتان چییە...؟ دیاربوو ناو و بنەماڵەی

هەندێکییانی دەزانی، بۆیە پاش ئەوەش ئاهەنگی ئۆتۆگرافی بۆ دوو کتێبی تر کرد، یەکێکیان بۆ کتێبی "حظرة الغیاب" لە رۆژی ٢٠ی نۆڤمبەری ساڵی ٢٠٠٦ کرد، لەوێ شاعیر جریس سەماوی ئاهەنگەکەی پێشکێش کرد، دووەمیان ئۆتۆگرافی کتێبی "اثر الفراشة" بوو کە لە ٢٣ ی فبرایری هەمان ساڵ بوو، لە بیرمە لەوێ بە منی گوت، ئەوە دواجارە دەمانەوێ ئۆتۆگرافی کتێب بکەین، من ئەودەمانە هەستم بە قسەکەی نەکرد و کە هەواڵی کۆچکردنەکەمان زانی و پاش مردنەکەی قسەکەی ئەوم بەبیرهاتەوە. من دەمزانی ئەو دەیویست ئەو کۆڕ و بۆنانە زۆر شیاوتربێت، زۆر تەڵەفۆنی بۆ من دەکرد، لە وردەکارییەکانی دەپرسی، دەیپرسی چەند کتێب ئامادەیە، رەوشی شوێنەکە چۆنە، زۆری دەپرسی...؟ دۆستایەتیمان لەگەڵ یەک خۆش بوو، ئەو زۆر لەماڵەوە سەردانی دەکردین، "سیرین حەلیلە"ی هاوسەرم ماڵپەرەکەی بۆ ئەو سازکردبوو، ئەوەی دەیەوێت ماڵپەرەکە ببینێت، ئەدرێسەکە بەو ناوەیە WWW.MAHMOUDDARWISH.COM لە سەرە کە بە زمانی ئینگلیزی و بە عەرەبییە، لە ساڵی ٢٠٠٨ دەروێش هەزار دانەی لە کتێبخانە گەورەکەی خۆی بەخشیوەتەوە، من بەخۆم کتێبەکانم بۆ کتێبخانە میللیەکانی "جبل النطیف" و ئوردوگای "البقعة" بردبوو، دەمزانی ئەو مەبەستیەتی ماڵەکەی رێک بخاتەوە و شوێنەکەی چۆڵ بکات، بەوەش خەڵکێکی زۆر کتێبەکانی ئەویان دەخوێندەوە.

## سەربردەی ئاشکرابوونی نەخۆشییەکەی

بەو شێوەیە ئەو سەرهەڵدانەی نەخۆشییەکەی دەگێڕنەوە، هەردوو بۆچوونیش تەواوکەری یەکترین، کە نەخۆشییەکەی ئەو زۆر کوشندە دەبوو، ئەو لەمردن نزیک دەبێتەوە، کە لە نەخۆشییەکەی تێ گەیشت، کەوتە جووڵە بۆ ژیان و چالاکییەکانی زۆرترو چڕتر دەکرد، کۆششی دەکرد تا دووبارە ژیان بباتەوە، لەو ساڵەی دواییدا زۆر سەفەری دەکرد، کۆڕی زۆری دەگێڕا، بەڵام رەشبینی لە ئاکاری دیاربوو.

عەلی حەلیلە دەڵێت:

بەیانییەکی رۆژی هەینی مانگی مایۆ مەحموود دەروێش پێوەندیی پێوە کردم، لە پێوەندییەکەدا پێی گوتم، زوو بگەرە فریام ماندووم! ماڵەکەی من لە عەمان دووربوو، بۆیە تەڵەفۆنم بۆ دوکتۆر ئەحمەدی برام کرد زوو بگاتە لای، زوو بیگەیەنێتە نەخۆشخانەی «الاردن»، ئەو ماڵەکەی لەوێ نزیک بوو، داوام لێی کرد چاودێری بکات و پێم گوت من بەرێوەم و دەگەمە لات. هەر بەپەلە برا دوکتۆرەکەم گەیشتبووە سەری و زانیبووی کەوا

تەنگژەیەکی سینگی بۆ هاتووە، کە پشکنینیان بۆی کردبوو براکەم پێی گوتبوو، واباشە فۆتۆی چینەکانت بۆ بکەین، لەوەوە دەرکەوتبوو، شادەمارەکانی بەرین بووبوون، کە دوکتۆر "تیسیر آبو نعمة" لە مەڵبەندی عەرەبی بۆ نەخۆشییەکانی دڵ لە عەمانیش مەحموود دەروێشی بینیبوو، ئەویش گوتبووی، دیارە کەوا شادەمارەکانت بەرین بوون، بۆیە داوای لێ دەکات بچێتە هیوستن لە ئەمریکا و سەردانی دوکتۆر "حازم ئەلصافی" بکات. دوو مانگ پێشتر نەشتەرگەری دڵ بۆ هەردوو براکەی ئەحمەد و زەکی کرابوو، بەڵام نەشتەرگەرییەکەی ئەو دوو برایەی دەروێش بۆ شادەمارەکەی خوارووی دڵ بوو، بەڵام شادەمارە نەخۆشەکانی دەروێش لە ناوەوەبوون، ئەو دوو نەشتەرگەرییەش لە حەیفا بۆ ئەوان کرابوون، لە کاتی نەشتەرگەری هەردوو براکەی ئەو لەوێ ئامادەبوون، لە نەخۆشخانەکەی حەیفا ئەویش دڵی خۆی نیشانی دوکتۆرەکە دابوو، پێیان گوتبوو، واباشە تۆ بچیتە هیوستن، دیارە کەوا هەر سێ برا بە وەچە نەخۆشی دڵیان بۆ ماوەتەوە. غانم زریقات دەڵێت:

**مەحموود دەروێش لە مێژبوو نەخۆش بوو، نەخۆشییەکەی وەک شیعرەکانی گەورەبوون و گەشەی کردبوو**

مەحموود دەروێش لە مێژبوو نەخۆش بوو، نەخۆشییەکەی وەک شیعرەکانی گەورەبوون و گەشەی کردبوو، دوو مانگ پێشتر رۆژێکیان لە عەمانەوە تەلەفۆنی کردو گوتی، من رەوشم باش نییە هەست دەکەم تەواونیم، دەبێ زوو بگەرێمەوە عەمان، بۆ بەیانییەکەی بەیەکەوە چووینە نەخۆشخانەی «الاردن» لەوێ دوکتۆر "عیماد حەداد"ی بینیبوو، لەگەڵ دوکتۆر "حەردان زریقات" قسەیان کرد و بەئاشکرا بە ئێمەیان گوت، مەسەلەکە ترسناکە، ژیانی ئەو لە مەترسیدایە، دوو نارنجۆک لە ناو دڵی مەحمووددایە، هەموو ساتێک ئەگەری تەقینەوەیان لێ دەکردرێت، دەکرێ

**من تەنیا لە پەککەوتوویی ترسم هەیە، من لەگەڵ هاندیکاپیی هەڵناکەم، ئیفیلجی ترسناکە**

نەشــتــەرگــەرییــەکی دڵ کــردنەوەی بۆ بکرێت و بـەوەش دەکـرێ کـرانەوە و بـەرینکردنی شـادەمــارەکـانی بۆ بکرێت، بەڵام نەشــتـەرگـەرییـەکـە ترسـی هەیە، من ئامــادەم ئەرک و پرسینەوەکە هەڵگرم، بەڵام ئێمـە ئامۆژگاریمان کرد بچێتـەوە لای دوکتۆرە فـەرەنسییـەکەی کە لە ساڵی ١٩٩٨ نەشتەرگەریی شادەماری "ئورتی"ی بۆ کردبوو، کە مەحموود گەیشتە فەرەنسا پاش پشکنینەکانی هەمان ئەنجامی دەستکەوتبوو ئەویش هەمان بۆچوونی لەسەر نەخۆشییەکە و تەنگژییەکەی هەبوو، بەڵام گوتبووی من ناتوانم نەشتەرگەرییەکەت بۆ بکەم، بۆیە دەروێش بـەرەوشـێکی خـراپ گـەڕابووەوە عـەمـان، کـە گـەڕایەوە بە منـی گـوت، دەزانی دوکـتـۆرەکـە بە منـی گـوتووە، دەبێ بـە خـۆت ڕێگەی مــردنت هەڵبـژێریت. لەو ســەفـەرەدا هاوڕێمان "لەیلا شەهید"ی لەگەڵ بوو، ئەویش ئەو قسەیەی بۆ گێڕامـەوە و گوتی، لەودەمانە دەیزانی تەندروستی خراپە، دیارە کەوا رەشبین بوو، ئەو تەنها ماوەی دووسـاڵی تری وەک پشوو دەویست، حەزی نەدەکرد نەشتەرگەییەکە بکات، بۆ پشکنین و سـەردانی دوکتۆرەکان گەیشتە هیوستن، لەوێ گەیشتە قەناعەت کەوا دوکتۆرێکی عێراقی هەیە، ئەو زۆر شارەزای ئەو جــۆرە نەشــتــەرگــەرییــانەیە، بۆیە لەوێ دڵنیـا دەبێت و بە منی گـوت، بڕیارم داوە نەشتەرگەرییەکە بکەم، رام گۆڕیوە!

## دوا ساتەکانی لە هیوستن

عـەلیی هـاوڕێی لەودەمـانە لەگـەڵیـدابوو، ئەو بۆی گـێڕامــەوە و گـوتی، شــەو بـۆ نوستن دەچووینەوە ئوتێل، لە ڕێگەدا بە من و بە "ئەکرەم هـەنیە"ی گوت، وەرن برادەران شـتێکتـان پێ بڵێم، بەیانی.. ئێمە هەستمان کرد دەیەوێ شتێکی وەک وەسیەتنامـە بڵێت، بۆیە پێمان گـوت پـاشــان، ئێـسـتـا کـاتی نیـیـە، ئەگـەر هەر قـسـەیـەکـەت هەیە، لێگەڕێ بـا بۆ پاش نەشتـەرگەرییەکە بێت، پاشان زۆر قسەدەکەین، بابەتەکەمان گۆڕی و ئێمەش پێمـان گوت، شـەوباش...!

مـەحموود دەروێش لەودەمـانە هیچ چاری نـەبوو، دەبووایە نەشـتەرگـەرییـەکە بکات، پێش ئەوەی بەنجی بکەن، دوکتۆرەکان پسوولەیەکیان نیشان دا کە تێیدا نووسرابوو، ئەگـەری سـەرکەوتنـی نەشتەرگەرییـەکە ٩٥٪ دەبێت، بەڵام ئەو نیگەران بوو، ئەودەمانە هیچ قسەمان بەیـەکــەوە نەکــرد، تـەنهــا مـن و ئەکــرەم ئـەوەنـدەمـــان گــوت، بـە هیــوای دیدار پاش نەشتـەرگـەرییـەکە، بەختـێکی باش! ئەو کلیلی ژووری ئوتێلەکـەی تەسلیم بە ئێـمـە کرد و ژمارەی نهێنی کردنەوەی جانتاکانی بۆ نووسیم، سەعاتەکەی دەستی و چاویلکەکەی دا بە

ئێمە، بەڵام مەحموود دەروێش بۆ هەتایە لە بەنجەکەی بەئاگا نەهاتەوە، ئەو رۆژە تا پێنجی ئێوارە لەلای ماینەوە، کە رۆیشتین ئەو لە ژێر چاودێری تایبەتدا بوو، بەئێمەیان گوت، هەموو شتەکان تەواوە، دوکتۆرەکان هیچیان پێی نەگوتین، ئێمە وامان زانی شتەکان ئاساییین و پاش گاڤێکی تر بەخۆ دێتەوە، بۆ بەیانی کە زانیمان هێشتا بەهۆش خۆی نەهاتووتەوە زۆر نیگەران بووین، هەستم کرد هەردوو قاچەکانی ساردن، بۆ سەعات یازدەی بەیانی کۆچی دوایی کرد.!

غانمیش بەو شێوەیە باسی کاتی ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکە دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

ئێمە بەردەوام پەیوەندیمان هەبوو، سەرەتا گوتیان نەشتەرگەرییەکە سەرکەوتووە، بەڵام تا ٢٤ سەعاتی بەئاگانایەتەوە، بەڵام زۆری نەخایاند هەواڵی ناخۆشمان بۆ دەهات، وای لێهات رۆژی هەینی عەلی وەڵامی تەڵەفۆنەکەی نەدەدایەوە، چەند جارێک کۆششم کرد، بەڵام دەنگی نەبوو، گوێم لێ بوو ئەکرەم هەنیە دەیگوت، خودا سەبرمان پێ ببەخشێت، تەندروستی مەحموود بەرەو ئالۆزی دەچێت، پارچەیەک لە مێشکی فەوتاوە، غانم ئەوەی مەحموود لێی دەترسا وا گرتوویەتی، ئەو قسانەی بەگریانەوە دەکرد.!

نیوەڕۆکەی لە مەڵبەندی ئیسلامی لە هیوستن نوێژمان لەسەرکرد، بە ئامادەبوونی ١٥٠ عەرەبی دانیشتووی هیوستن تەرمەکەمان بە ئاڵای فەڵەستینی پێچایەوە، شەوەکەی مەراسیمێکمان لە مەڵبەندە عەرەبییەکە کرد و نزیکەی ٣٥٠ کەس ئامادەبوون، بەڕێوەبەری نووسینگەی "أبو مازن" دوکتۆر رەفیق حوسێنی گەیشتە مەڵبەندەکە و هاوڕێیەتی گەیاندنەوەی تەرمەکەی کرد، بەیانی رۆژی سێشەممە فڕۆکەیەکی ئیماراتی لە فڕۆکەخانەی جۆرج بۆش بەرەو عەمان تەرمەکەیان گەیاندەوە وڵات، بۆ من زۆر زەحمەت بوو، بگەڕێمەوە و هاوڕێیەکەم لە ناو دارەمەیتدا بێت، بۆیە بڕیارم دا پاش چەند رۆژێک بگەڕێمەوە، بۆم نەکرا لەگەڵ هاوڕێ بێ گیانەکەم بگەڕێمەوە. لە نەخۆشخانەکە خەڵکێکی زۆری عەرەب سۆراخی تەندروستی ئەویان دەکرد، لەوانە "فاروق العطاری"ی عێراقی و ژنە فەڵەستینییەکەی، و "رەنا عەبوشی"ی فەڵەستینی و مێردەکەی دوکتۆر "ماهر ناسری"ی لوبنانی، دوکتۆر "فادی جۆدە"ی هاوڕێ و وەرگێڕی شیعرەکانی دەروێش بۆ زمانی ئینگلیزی.! غانم بەو شێوەیە کۆتایی بەقسەکانی دەهێنێت، بەو شێوەیە باسی هاوڕێکەی دەکات:

شاعیرە جوانەکەمان بەزیندوویی لەگەڵماندا دەمینێتەوە، نەمانی بەژن و باڵاکەی هەر لە خۆی نەچوو بەداخەوە لە هەمووماں چوو، من هەست دەکەم تا ماوەیەکی درێژ برینی

مـەرگی ئەو لـەجـەسـتـەی من سـارێژنابێت، هیـڤـیـدارم چەند دوعـایەكی جـوانی ئەڤـینی بەركەوێت، لە سەر هەڵوێستەكان كەس هیچی لە دڵ نەبێت، بەتایبەتی ئەوانەی زۆر لە مێژە نەیاندیبوو.! كە تەرمەكە گەڕایەوە عەمان لەسـەر شانی هاورێكانی گەیێندرایە فرۆكەیەكی جەنگی، لە عەمـانەوە گەیێندرایە "رامەڵا"، هەمـوولایەک سلاو و رێزیان بۆ تەرمەكە نیشـان دەدا، هەزارەها دڵ و نیگاش لە خـاكی فەڵەسـتین پێشـوازییان لێی كـرد، لەو شوێنـەی كە – دەیگوت، من پاش مردنم لەو شوێنە بەزیندوویی دەمینێمەوە.

## دوا شـەوی دەروێش لـەعـەمـان

مـەحـمـوود دەروێش لە بەیانی رۆژی دووشـەممەی رێكەوتی ٢٨ی یولیـۆ لەگـەڵ "ئەكـرەم هەنیـە"ی نووسـەر و هـاورێی بەرەو ئەمریكا بەرێكەوت، ئەو بـرادەر و هـاورێیـانەی كە رۆژی پێشوو تر، یان هەمـان رۆژ ئەویان بینیـوە، یان ئەو خۆی لە مـاڵەكانیـان سەردانی كـردوون، بەم شێوەیە باسی دەكەن.

بەسمە نەسوور:

دوو رۆژ پێش سـەفـەرەكـەی بۆ ئەمـریكا مـن و چەند بـرادەرێک لە مـاڵەكـەی خـۆی سەردانیـمان كـرد، هیواخوازبووین بەسـەلامەتی بگەڕێتـەوە لامان، دیاربوو كەمێک نیگەران بوو، بە دڵشـادییەوە هـیوا و هەسـتـمـان ئەوەبوو بەیەک بژارو لەسـەر قـاچەكـانی بۆ ئێـمـە بگەڕێتـەوە، ئێـمـە تەنیـا ئەو بژارەمـان دەویست! بەڵێنی ئەوەم پێ دا، كـە گـەڕایتـەوە من خواردنی "المنسف"ت بۆ دەهێنم، بەیەكەوە زۆر باسی ئەزموونی شیـعریی ئەمجەد ناسرمان كـرد، ئـەزمـوونەكـەی لـە قـەسـیـدەی پەخـشـان ئـەوی بەرز نرخـاند، ئەگـەرچی زۆر بەدڵی زامدارەوە جێمان هێشت بۆ گەڕانەوەكەی هیوامان بەرزبوو.

تاهیر ریاز:

دوو رۆژ پێش سـەفەرەكەی من سـەردانم كرد، ویستم ورەی بەرزبكەمـەوە، ئەویش گـوتی، ورەم زۆر بەرزە، بەڵام گەشـبین نیم! پێی گـوتم، دوكتـۆرە عێراقـییـەكە گـوتوویەتی رێژەی مـردنت لەو نەشتـەرگەرییە تەنها ١٪و بەس! رێژەی ئیفیلجبوونەكەشت تەنیا ٣٪ یە. ئەو گـوتـی من لە مـردن نـاترسێم ئەگـەر بزانم رێژەی مـردنەكەم دەگـاتە ٥٠٪ ش، من تەنیـا لە پەككەوتوویی ترسم هـەیە، من لـەگـەڵ هـاندیكاپیی هەڵناكـەم، ئیـفـیـلجی ترسناكـە! بە هـاورێیـەكانم گـوتووە، ئەگەر چوارپەلم نەما و پەكم كەوت بمبەنـە نەخۆشـخانەكانی وڵاتانی ئەسكەندەنافی، بۆ كـەسانی وەک من ئەگـەر ئیفیلج بووم.! لەوێ مـردنی بەڕەحـمی تێدایە،

شـەوەکـەی مـەحمـوود دەروێش هـاتـە ماڵی ئێمـە، بەیەکەوە نانی ئێوارەمـان خـوارد، پاشـان "زوهێر ئەبو شـایب"ی شـاعیـریش هـات، ئەو شـەوە مـەزاجی خـۆش بـوو، ئەوەی لە چاوانی دەبینرا زۆر دڵی بەژیان خـۆش بوو، پەرۆشـی زۆری بۆ ژیان و مان هـەبـوو، ئەگەرچی دوکتۆر جگەرەکـێشـانی لێ قـەدەغـە کردبوو، بەڵام ئەو شـەوە سێ جگەرەی بەباکـرد، هـەرگیـز تا سـەعات دووی شـەو لە ماڵی ئێمـە نەماوەتەوە، ئەو شـەوە زۆر مـایەوە، منیش بە ڤیـدیۆ وەک هـەموو جارەکانی تر وێنەم گرت، بەڵام ئەو شەوە گوتی، خێرە وێنەم دەگریت، تا هـەست بە شتێک نەکات و ئازار نەخـوات ڤیدیۆکەم هەڵگرت، من دڵنیـابووم وەک هـەموو جارەکانی تر ئەو لە مـردن دەربـازی دەبێت و دەگەڕێتـەوە، من لـە دیمەشق بووم کـە گـوتیـان ئەو مـردووە، بروسکەیەک بـەدڵم کـەوت، سـەرەتا بڕوام نـەکرد. زوهێـر ئەبو شـایب باسـی دانیـشـتنی ئەو شەوەی بۆ کردم و گوتی:

سـەعـات نۆی ئێـوارە گـەیشـتـمـە مـاڵی تاهر ریاز، کـە من چووم دەروێش ئایس کـریم بە شوکولاتەی دەخوارد، زۆر ئاسایی بوو، ئەوەی بیرم بـۆی نەدەچوو ئەو پیاوە بمرێت، زیندوو و چالاک بوو، دوعـام بۆ کـرد بـە سـەلامـەتی و بە باشـی بگەڕێتـەوە لامـان، ئەویش لە وەڵامی دوعاکەم گوتی:

دەزانم دەگەڕێمەوە، بـەڵام نازانم تەندروستیم چی بەسـەردێت، لەوەیان دڵنیـانیم، ئەوشـەوە لە ئەمـجەد ناسـری پرسـی، گوتی ئەگـەر لێرەیە حـەزدەکـەم ببینم، زۆریش پەشـیـمانم کـەوا رووداوی دانیـشـتنەکەم تۆمـار نەکرد، ئەو زۆر بە فـەڵەسـتین مولتـەزم بوو، نەک بەدەسـەڵاتی فـەڵەسـتینی، وەک باسـی هـەڵوێسـتـەکـانیـان دەکرد، لەو دانیـشـتنەدا بە پێـچـەوانەی هـەمـوو پروپاگـەندەکـانی سـەری قـسـەی دەکرد، ئەو شـەوە لە سـیـاسـیـیـەک باڵاتر دەجـوولایەوە، بەردەوام هـەڵوێستە پاکەکانی خۆی دەپاراست. غانم زریقات دەڵێت:

من پێش ٢٤ سـەعـات لە سـەفەرەکـەی ئەوم بینی، "عەلی حەلیلـە"ی هـاوڕێی بەرەو ئەمریکا پێشتـر سـەفـەری کردبوو، لەودەمـانە مـەحـمـوود بە منـی گـوت، ئێـسـتا عـەلی لەسـەر زەریای ئەتڵـەسـییە، دەزانم ئەو دێتـەوە، بەڵام من لە ئیـفلیـجبوون دەترسـێم، بۆیە ئەو نەشـەرگەرییـە ناکەم، کە هـانمان دەدا ترسـی نەبێت و نەشتەرگەرییەکە بکات، دەیگوت:

ئەگـەر نارنجـۆک هـەڵدرا، هـەر دەتەقێتـەوە، دیارە ئێـمـە یـاری تاوڵە دەکـەین! بـەڵام پاشـان بڕیاری دا نەشـتـەرگەرییـەکە بکات. من لە سـاڵی ١٩٧٢ەوە لە بەیروتەوە دەروێشـم نـاسـیـوە، لەو دەمـانەی کـۆنگرەی یەکبـوونی یەکـەمی یەکێتی نـووسـەران و ژوورنـالیـسـتـانی فـەڵەسـتین دەکرا، من ئەندامـی سکرتارییەتی گشـتـی بووم، پۆست وەرگرتن هـیـچ دەمێ لای ئەو خـەمێک

نەبوو، چ لە سەرۆکایەتی مەڵبەندی توێژینەوەکانی فەڵەستین و لە سەرۆکایەتی یەکێتی گشتی نووسەران و ژوورنالیستانی فەڵەستین و بوونی بەئەندام لە لیژنەی تەنفیزیش، لەو دوو پرۆسەیەدا بێ ئەوەی ئامادەش بێت ئەو وەک ئەندام هەڵدەبژێردرا، ئەو زۆرتر سەرقاڵ و خەمی دەرچوونی گۆڤاری "الکرمل"بوو، ئێمە زۆرمان لێ کرد، کە لەسەر بەرگەکەی بنووسێت، ئەو گۆڤارە لەلایەن یەکێتییەکەمان دەردەچێت، ئەوەش بۆ مێژوو دەڵێن کە ئێمە کۆششمان ئەوەبوو کە لەلای سەرۆکی کۆچکردوو یاسر عەرەفات و لەلای سەلوی ئەلحوت، پشتیوانیمان بۆ دەرچوونی گۆڤارەکە بکرێت. دیارە کەوا من ئەمین و بەرپرسی پێوەندییەکان بووم، بۆیە رۆژ بە رۆژ پێوەندیمان پتەوتر دەبوو، هەستم کرد ئەو هاورێییەکی نزیک و دڵسۆزە، پیاوێکی بەهەڵوێست و ئازا و جوامێرە.

پاش گەمارۆکەی بەیروت و دەرچوونی هێزەکانی فەڵەستینی، کە چاوەڕوانی پاپۆڕەکانی گواستنەوەمان دەکرد، من لە تەنیشت مەحموود دەروێش و سەلیم بەرەکات وەستابووم، لەوێ مەحموود گوتی، من بەو شێوەیە لە بەیروت دەرناچم، ئەگەر سەلیم بەرەکاتیش جێمان بهێڵێت. دیارە ئەودەمانە سەلیم بەرەکات تفەنگێکی کلاشینکۆفی لە شان بوو! منیش زوو وەڵامم دایەوە، منیش بەو شێوەیە دەرناچم، بەڵام بە رەقی بە منی گوت، تۆ منداڵەکانت لە سوریان، برۆ وا پاپۆڕەکە دەڕوات، من خەمی خۆم دەخۆم، نامەوێ ئەرکی تۆشم لەسەرشان بێت. ئەو لە بەیروت مایەوە، منیش مامەوە، کە زانیم ئەو لەگەڵ سەفیری لیبی بەرەو دیمەشق دەڕوات منیش دەرچووم. من چوومە "لاذقیە"، پەرلەمانتاری لوبنانی "سەمیر فەرنجیە"و دوو ئەفسەری پلەداری عەمید بە جلی سەربازی و بە ئۆتومبێلی سەربازی

**پاش گەمارۆکەی بەیروت و دەرچوونی هێزەکانی فەڵەستینی، کە چاوەڕوانی پاپۆڕەکانی گواستنەوەمان دەکرد، من لە تەنیشت مەحموود دەروێش و سەلیم بەرەکات وەستابووم، لەوێ مەحموود گوتی، من بەو شێوەیە لە بەیروت دەرناچم، ئەگەر سەلیم بەرەکاتیش جێمان بهێڵێت**

**من لە ساڵی ١٩٨٤ لە سەرۆک عەرەفاتەوە بروسکەیەکم بەدەست گەیشت، ئەو لە باشووری ئەفریقیابوو، لە بروسکەکەدا ئەو داواکاربوو لە تونسەوە بچمە ڤییەنا و سەردانی مەحموود دەروێش بکەم، لە نەخۆشخانە سەردانی کرد**

منیان دەرباز کرد!

لە گـۆڕەپانـی زانکۆی دیمەشق کـۆڕێک لە کـۆتایی سـاڵی ١٩٨٢ سـازکـرابوو، لەوێ یەکترمـان دییەوە، شـوێنی کۆڕەکە بەشی خـەڵکەکەی نەدەکرد، بۆیە لایەنە بەرپرسەکانی کۆڕەکە خـەڵکە زۆرەکەیان بە پاسی هێڵی گشتی گواستـەوە گۆڕەپانی ئەسەد، من لەگەڵ شاعیر عەلی جوندی بووم، ئێمە بەیەکەوە بە تاکسییەک چووینە گۆڕەپانەکە، لەوێ جوندی قسـەیەکی کـرد کە زۆرجـار مـەحـمـوود دەروێش دەیگێـڕایەوە، لەودەمـانە ئەگـەر ئەومـان کوشتبووایە و هۆکارەکەمان بە قازییەکەی دادگاکەمان گوتبووایە ئازادی دەکردین.!

من لـە سـاڵی ١٩٨٤ لە سـەرۆک عـەرەفـاتـەوە بروسکـەیەکم بـەدەست گـەیشت، ئەو لە باشووری ئەفریقیابوو، لە بروسکەکەدا ئەو داواکاربوو لە تونسەوە بچمە ڤییەنا و سەردانی مـەحـمـوود دەروێش بکەم، لە نـەخـۆشـخـانە سـەردانی کـرد، لەوێ بـەیەکـەوە باسی داوای عەرەفـاتم بۆ بەسـتنی کۆنـگرەی یەکێـتـیـیـەکـەمان لە شـاری سـەنعـا لەگەڵ کـرد، ئەو بۆ کۆنگرەکە زۆر پـەرۆش نەبوو، چونکە ناکۆکی لـە نێوان ئەندامـانی دانیشـتووی دیمەشـقی یەکێتییەکە و ئەوانی تر هەبوو، منیش یەکێک بووم لەوانەی لەگەڵ بەستنی کۆنگرە نەبووم، کە دەروێش کۆشـشـی کرد کۆنگرەکە بگیرێت، ئەنجـامـەکەی کۆنگرەی یەکبـوون لە وڵاتی جـەزایر هاتەکایەوە. ئەو بە رووداوەکانی رامـەڵا و غزە زۆر مـەحـمـوود دەروێشی تووڕە و ناڕەحەت کردبوو، ئەو لە سیاسەت زۆر رەشبین بوو، دەیگوت، ئیسرائیل ئاشتی ناکات.!

ئەو هەرگیز سازشـی نەدەکرد، وازی لە هـەڵوێستـەکانی خـۆی نەدەهێنا، کەسی گچکەو گەورەی نەدەترسـاند، لەپێش کـاتی کۆڕەکـانی، ئێمـە نیـو سـەعـات بۆ دڵنیـایی ئەو زووتر دەچووینە شـوێنەکـە، ئەو هـەمـوو جـارێ پێش کـۆڕەکـان نیگەران بوو، ریزبەندی بۆ شیعرەکانی دەکرد، کامیان زووتر دەخوێنێتەوە، کام لە قەسیدەکان دواجار دەخوێنێتەوە، دەیپرسی کام قەسیدە یەکەمجار بخوێنێتەوە، لە رۆژی ١٩ی ئەپریلی ساڵی ٢٠٠٤ کۆڕێکی لە زانکۆی "لاذقـیـە" هـەبوو، لەوێ بە مـەحـمـوود دەروێشم گوتبـوو، خـەڵکەکە داوا دەکـەن، قـەسیدەی "سجل آنا عربي" یان بۆ بخـوێنێتـەوە، ئەویش بە منی گوت، واز لە جـوانکاری بهێنە، مەپرسـە من رام لەسـەر قەسیدەکە چییە، جاران جوولەکە بە فەڵەستینییـەکانیان دەگـوت، تۆ عـەرەبی، منیش بـە رووی جـەلادەکـەمـدا رادەوەسـتـام و دەمـگوت، بنووسـە من عـەرەبم، ئەمە راسـتـە من ئێسـتـا بەرامـبـەر سـەد ملیۆن عـەرەب هەڵسـمەوە و بڵـێم، من عەرەبم... ئەوەیان ناخوێنمەوە، من بۆ جوولەکەم گوتووە، بە عەرەب ناڵێمەوە.!

کە لە ساڵی ١٩٨٤ لە نەخـۆشخـانەیەکی ڤییـەنا نەشتـەرگەری دڵیان بۆ کـردبوو، لەوێ لە

تەنیشتی بووم، ئەودەمانە رەشبین نەبوو، نەشتەرگەرییەکە بە کامەرانی سەرکەوت و هەموومان دڵشادبووین و ژنێکی میسریشی هێنا، بە داخەوە کە ماوەیەکی زۆر بەیەکەوە نەمانەوە و جیابوونەوە، هەر لەوسەردەمەدا قەسیدەی "یطیر الحمام یحط الحمام" کە هاوڕێی تەمەنی مارسیل خەلیفە ئاوازی بۆ دانا. لە نەشتەرگەرییەکەی پاریس کە لە ساڵی ١٩٩٨ بۆی ئەنجام دا، کە رکابەرایەتی مردنی تێدا کرد و قەسیدەی "الجدارية"ی نووسی. دەروێش زۆر سووربوو لەسەر داواکانی و لێپێچینەوە و رەخنەشی لەخۆ دەگرت، زۆریش پەرۆشی گەشەی ئەزموونە شیعرییەکەی بوو، ئەو دەقی نوێ و ئاکار تازەی لا مەبەست بوو، زۆر جار دەقی لەیەکچووی فڕێ داوەتەوە ناو تەنکەی خۆڵەوە، یەک قەسیدەی جوان و ویستراوی نووسیبوایە هەستی دەکرد دیوانێکی نووسیوە.

دەروێش زۆر سووربوو لەسەر داواکانی و لێپێچینەوە و رەخنەشی لەخۆ دەگرت، زۆریش پەرۆشی گەشەی ئەزموونە شیعرییەکەی بوو

ئەو زۆر شەڕی لەگەڵ خودی خۆی کردووە و زۆریش خەڵوەتی تەنیایی کردووە، ماوەیەک سەفەری راگرتووە، میوانداررییەکانی کەم کردووە، لەو کاتانەدا وەک دارتاش و ئاسنگەرێک کاری لە دەقەکانی کردووە، وەک رەخنەگرێک دەکەوتە گیانی چامە نوێیەکانی، لەسەر ئاگری لەسەرخۆ دەیکولاندن.

ئەو زۆر شەڕی لەگەڵ خودی خۆی کردووە و زۆریش خەڵوەتی تەنیایی کردووە، ماوەیەک سەفەری راگرتووە

بەقەڵەمی حبر شیعر لە دوای شیعری دەنووسی، باش پۆلینی دەکردن، کە دیوانەکەی دەردەچوو، مەحموود لێی دەپرسیم، بە منی دەگوت، دەبێ جارێکی تر لەو شیعرانە جوانتر شیعر بنووسم. عەلی حەلیلە و غانم بەردەوام گوێگری شیعرەکانی بوون، شیعرەکانی بۆ دەخوێندنەوە، زۆریش پرسی پێ دەکردین، لە بیرمە من جارێک داوام لێ کرد ناوی قەسیدەیەکی بگۆڕێت، بەڵام رازی نەبوو، ئەو زۆر حەزی دەکرد بابەتە ئاڵۆزەکانی خۆی بۆ جەماوەرەکەی

بخوێنێتەوە، شیعریشی لەسەر داوای خەڵک هەڵئەدەبژارد، خۆی بڕیاری دەدا کام قەسیدە بخوێنێتەوە. ئەگەرچی ئەو ٤٠ دیوانی چاپکراوی هەبوو، بەڵام زۆرجار خۆی وانیشان دەدا لە خۆی رازی نییە و دەیگوت هەست دەکەم نووسینەکانم ماوەیەکی زۆر ژمارەیەک رەخنەگر سەرقاڵ دەکەن و کار لەسەر بەرهەمەکانم دەکەن، ئەو حەزی دەکرد ماوەیەکی تریش بژێت، وادەزانم حەزی دەکرد پێش مردنەکەی شانۆنامەیەک، یان رۆمانێک بنووسێت.

مردن بوون و ئامادەییەکی بەردەوامی لە پێش ئەودا هەبوو، لە دیوانی "حضرة الغياب"و أثر الفراشة"و لە دانیشتنی رۆژانەیدا مردن ناوی دەهات، وای لێ هاتبوو پێشبڕکێی لەگەڵ زەمەن دەکرد، کۆششی زۆرتر کردبوو، کاری زۆرتر دەکرد، کەسە نزیکەکانی لەو دەیانزانی ئەو ساڵی لەبەرهەمێکی زیاتری نەدەویست، ئەو ساڵە کۆڕی لە فەرەنسا و ئیتالیا و کۆریا و لە رامەڵا و حەیفاو تونس و عەمان کردووە و چەندین خەڵاتی بەدەست هێناوە، لەوانە خەڵاتی "پاشای شیعر" لە مەکدۆنیا، کە بریتی بوو لە تاجێکی زێڕین، خەڵاتی شیعری عەرەبی لە میسر وەرگرتووە، خەڵاتی لە تونس وەرگرتووە، پارەی هەردوو خەڵاتەکەی دابووە سندووقی خوێندکاری فەڵەستینی، ئەو هیچ رۆژێک لە هەستی تاراوگەیی و نامۆییەکانی ناوەوەی دانەبڕابوو. لە دوا سەفەری بۆ وڵات کە گەڕاوەتەوە، من لە ژیانی ئەوێندەریم پرسیوە، سەری بادەدا و بەگاڵتەوە دەیگوت، دەزانی "شیرین ئەبو عاقلە – پەیامنێری کەناڵی جەزیرەیە لە فەڵەستین و لە ناو ئیسرائیل ..و." لە ناو رامەڵا هاتوچۆ قەدەغەیە؟ منیش پرسیم، چۆن...؟ گوتی، لە ناکاو ئوتومبێلێکی سەربازی لە ناو شاردا گوزەر دەکات و بڕیار دەدات و بە زمانی عبریش دەڵێت، لە ئێستاوە تا دووی بەیانی هاتوچۆ ناکرێ و قەدەغەیە، ئیمزا شیرین ئەبو عاقلە...! بۆ یەک رۆژ فەڵەستینی لە بیر نەدەچوو، هەرگیز لە بیری نەدەچوو کەوا ئەو پەناهەندە و ئاوارەیە، لێرەوە گەورەیی شوێن لە قەسیدەکانی بوونی هەیە، بە شیعرەکانی شەڕی بۆ کێشە رەواکان کردووە، شەڕی دژی زوڵمەکان و تاریکییەکان کردووە.

ئەو بابەتە لە یادی چلەی لە رۆژانی ٢٠و٢١ی سپتەمبەری ٢٠٠٨ لەرۆژنامەی "القدس العربي" بڵاو کراوەتەوە.

Sherzad.heini@gmail.com